# نیگەرانیەکانی من!

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

زۆربەی دامەزراوە ئەکادیمیەکانمان لە کوردستان بەدەست کێشەی چوونیەك یاخود لێکنزیکەوە دەناڵێنێ، دیارترینیان تەلاقی سێبەسێ و دوورەپەرێزبوونی زانکۆیە لەگەڵ کۆمەڵگە، ئەمەش لە سەرێکدا بۆ بە پێی پێویست بە ئەرکی خۆ هەڵنەستانی زانکۆکان دەگەڕێتەوە، کە لەئاست ئەو هەموو هاوکاریی و دەستکراوییەی حکومەتدا نیە لە رووی مەعریفی و زانستی و کردارییشەوە، کە وا دەکات دەرچوانی ئەم ناوەندە لەکاتی وەرگرتنی پۆستی خزمەتگوزاری کارگێڕیدا تەواو قاڵبوو نەبن بە زانیاریی پێویست و سەرلەنوێ پێویست بە مەشقپێکردنیان بکرێتەوە.

(تەلاق)یش بەمانای دووریی مەودا نا لە نێوان زانکۆکان و چین و توێژەکانی جەماوەر، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە، زانکۆکان وەك کارگەگەلێکیان لێهاتووە بۆ بەرهەمهێنانی فراوانیی دەرچوان، کە بەدەگمەن لە لەلایەن کەرتە گشتیی و تایبەتیەکانەوە ئاستی پێویستی رۆشنبیری و پیشەیی خوازراو دەبن، کە لەمەدا کارگێڕانی زانکۆکان بەرپرسیارن بەوەی، لەبەر رازیکردنی سەرووی خۆ بایەخ بە چەندێتی دەدەن نەك چۆنێتی، واتە دەرچوون (بە جوملە) کە پەیوەندی نێوان زانکۆو کۆمەڵگا نەهەموارتر دەکات.

لەکاتێکدا کە حکومەت بەشێکی بەرچاوی داهاتەکانی لە پێناو وەبەرهێنانی ئەکادیمی دوور مەودا سەرف دەکات، ئەوا چاوەڕوانی چنینەوەی قازانجەکانێتی، کەچی زۆرجار دەرەنجامی لاوازی لێکەوتۆتەوە بەهۆی دەردە مەعریفی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان. لەوانەشە ئەم دیاردەیە بۆ نەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی روونی زانکۆیی بگەڕێتەوە، نەبوونی ئەم تێڕوانینە لە نێو کارگێڕانی زانکۆییدا وایلێکردوون بەو سیاسەتی وەرگرتنە فراوانە رازی بن، یان کردنەوەی کۆلێژو بەشی نوێ بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل لە تواناکان و کادیرە شیاوەکان بۆ گرتنە ئەستۆی ئەو فراوانبوونە.

رێژەی ئامادەنەبوونی قوتابیان لە هۆڵی موحازەڕاتەکان لەزیادبووندایە، گفتوگۆی نێو هۆڵەکانی خوێندن ئەکتیڤ نین، دروشم هەڵدانەکان لە واقعی کارەکان زۆر جیاوازن، دەوترێ زۆربەی ئیفادەکان تەنیا بۆ گۆڕینی کەشوهەوایە، رۆتین وەك نەخۆشیەکی کوشندە کە سەرەتای نیشانەکانی پەتای گەندەڵییە بینە قاقای زانکۆکانمانی گرتووەو خەریکە دیانخنکێنن، بێ ئەوەی هەوڵێك بدەین بۆ لێ رزگاربوونی.

زانکۆکانی کوردستان پێویستیان بە گردبوونەوە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای ئەکادیمی، بەڵام پێش ئەوە پێویستە کارگێڕانی زانکۆکان دوور بکەونەوە لە بیرۆکەی بونیاتنانی کۆلێژو بەشی نوێ بەبێ بەرنامەو، پێویستە پابەند بن بە فەلسەفە یان باوەڕی زانکۆیی و، وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەنەوە:

* زانکۆ وەك سەنتەرێکی رۆشنکەرەوە لەپێناو گەشەپێدان و پێشکەوتن، تاچەند ئەمە رەنگدانەوەی هەبووە لە کۆمەڵگەی کوردستانیداو لە ئاستی پێویست بووە؟

* رۆڵی زانکۆ لەپاڵپشتی و بەکارهێنانی پلانە گەشەپێدانە نیشتمانی و نەتەوەییەکان وەك سەرچاوەی فیکرو پلان و کادیرەکان، تا چ رادەیەك لای لێکراوەتەوە؟

* دامەزراوەی ئەکادیمی چییە؟ ئایا سەنتەری توێژینەوەی زانستییە بە تەنها، یان سەرچاوەی دەرچوواندنی کادیران و دەرچوانە؟

* ئایا زانکۆ دەتوانێ بەو رۆڵانەی هەستێ لەپشتگیریکردنی حکومەت لە بوارە راوێژکاریی و خزمەتگوزارییەکاندا، یان پێویستە پارێزگاری لە مەودای (پیرۆزیی) نێوان خۆی و داموو دەزگاکانی حکومەتدا بکات؟

* چۆن سوود لە تاقیکردنەوەکانی ئەکادیمی ولآتانی پێشکەوتوو وەربگیرێ؟ ئایا ئەمە تەنیا لە رێگەی کۆپی کوێرانەی ئەزموونی بیانییەوە دەبێ، یان بەشێوەی بەرنامە بۆ دارێژراوو سیستماتیك؟

تاوتوێکردنی ئەم پرسانەو شتی دیکەش لە پرسە هەستیارەکان، دەتوانێ هاوکاریمان بکات لە بونیاتنانی فەلسەفەیەك بۆ دامەزراوە ئەکادیمیە بالأکان کە خۆی بۆ رامانەکانی کۆمەڵگاو خواستەکانی کارمەندانی نێوی لە مامۆستاو قوتابی و فەرمانبەر بەرز بکاتەوە، بەبێ ئەم فەلسەفەیە، کۆلێژو دامەزراوە ئەکادیمیەکان پێشکەوتنەکانی لە ئاستی پێویستدا نابن و، تەنیا لەبازنەیەکی داخراودا دەخولێینەوە.

Kalary79@yahoo.com